Digitally signed by www.kurdistannet.org/
cn=www.kurdistannet.org/, ou=www.kurdistannet.org/, o=Kurdistan Net, c=NL
Date: 2002.07.08 01:30:19 +03'00'
Reason: <none>
Kurdistan Neti Hemwane

وەرگێڕانی لەسویدیەوە ـئاسۆ ڕشید بیارەیی

## ئایا منداڵ پێویستی بەماف هەیە ؟

منداڵ مافی خۆی هەیە و ئەومافە لەپەیماننامەی یوئێن کۆکراونەتەوە ـئەمڕو پێی دەوترێ پەیماننامەیمنداڵ. هەموو وڵاتەکان لەگیتی خۆیان بەوپەیماننامەیەوە بەستوەتەوە بێجگە لەئەمریکا و سۆماڵ. منداڵ پارێزی ڕۆڵێکی زۆرچالاك و بزوتی دیوە لەکاری دارشتتنی ئەو (کارنامەیەی پەیماننامەی مافی منداڵ) و وەك سەرچاوەیەك بەکاردەهێنێ لەسوید و لەجیهان.
مافەکانی زارۆك سنووری ووڵاتان نازانێ وهەموو جۆرە نەریتێ یان قەوارەیەکی ئایینی دەپسێنێ.لەبەر ئەمەشە مندڵپارێزی چالاکانە کاردەکات بۆ پاراستنی ئەو مافانە بەهەموو ڕوەکانیەوە و سەرەڕای سەرچاوەی گیروگرفتەکان .
ئەو ووڵاتەی ئیمزای پەیماننامەی منداڵی کردبێ خۆی بەستوەتەوە کەپەیڕەوی ئەو ٥٤ بەندەبکات و ئەو تونایانەبخاتەگەر کەهەیەتی بۆ منداڵان . ئەمەش خۆبەستنەوەیە بەوە کەدەبێ ئەو ووڵاتە ماف و ئارەزوەکانی منداڵ لەپێشترین پلەدا دابنێ.
پەیماننامەی منداڵ هەموو منداڵان بەیەك چاو سەیردەکات ودیکومێنتێکی جیهانیە وهەموو گەورەتەمەنێك دەبێ ڕەچاوییگری .
ئێمە ئەبێ بەگشتمان دەنگی داخوازی لەحکومەتی ووڵاتەکان دەربڕین کەسەربەخۆیی ئەو مافانە بپارێزێ کەهەر تاقەمنداڵێ هەیەتی.
منداڵ نابێ ناچاربکرێ کەبکرێتە سەرباز یاخود لە کاری سۆزانیدا دیلبکرێ . منداڵ دەبی مافی خوێندنی هەبێ. منداڵ مافی قۆناغی بەمنداڵبوونی خۆی هەیە.

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

تێبینی \ئەم بابەبەتە لەگۆڤار (منداڵ پاریزی _٢٠٠١)ی سویدیەوە کراوەتەکوردی .